


ڕۆژنامەنووس پێتر کوباڵێک

# کوردۆلۆژی لە وولاتی چیک...وەرگێر ڕزگار ڕەنجەڕۆ

## بەشی یەکەم

### پێشەکی

کاتی ئەوە هاتووە ئەو کەسیەتیانەی بەبێ بەرابەر خزمەتی پرسی ڕەوای گەلەکەمان دەکەن هەر هیچ نەبێت نووسینەکانیان وەرگێرینە سەر زمانی شیرینی کوردی و نەوەی ئەمڕۆ و دواڕۆژمان بزانن کە گەلی کورد لە دەرەوە دۆستی ڕاستەقینەی زۆرە و دەبێ لە پاشەڕۆژدا ئاوریان لێبدرێتەوە یاخود هەر هیچ نەبێت لە کوردستانی ئازاد دا شەقامێک ، کوچەیەک ، یا قوتابخانەیەکیان بە ناو بکرێت . لەوانەی کە من لە نزیکەوە دەیانناسم زۆرن بە تایبەتی لە وولاتی چیک ، ساڵی 1990 کە دەستم کرد بە ئامادەکردنی ماستەرنامەی خۆم لە لایەن زانکۆکەمانەوە پسپۆرێک دەستنیشان کرا بۆ سەرپەرشتی لێکۆڵینەوەکەم ئەویش دکتۆرە { ئەدێلا کرژیکاڤۆڤا } بوو ئەو کەسایەتیە تا کۆچی دوایشی کرد بە سەدان لاپەرەی زێرینی نەخشاند بۆ پرسە ڕەواکەمان ئەگەر خوا تەمەن بدات زۆری وەردەگێرمە سەر زمانە شیرینەکەمان ، وە هەر ئەو ناوە پڕشنگدارە سەرنجی منی ڕاکێشا کە ئەو نووسینەی ڕۆژنامەنووسی چیکی { پێتر کوباڵێک } وەرگێرمە سەرزمانی کوردی و بە دوای ئەو کەسایەتیە ماندوونەناسەدا بگەڕێم و پەیوەندی پێوە بکەم بە گوێرەی ئەو نامانەی بۆ منی ناردووە { پێتر کوباڵێک } خەڵکی مۆراڤایە لە ( ڕادیوی دەنگی عیراقی ئازاد ) لە شاری پڕاگ کار دەکات و وەک کوردۆلۆژێک لە زووربەی زۆری ڕۆژنامەکانی چیکی و سلۆڤاکی لە بارەی پرسی کورد و کوردستان نووسین بڵاودەکاتەوە ، ئەوەی زۆر جێگای سەرنجە ئەو ڕۆژنامەنووسە چیکییە لە جیهانی تەکنەلۆژیاو ئینتەرنێتەوە سەرپەرشتی ماڵپەرێک دەکات بە ناوی { کوردۆڤێ ئە کوردیستان } .

www.kurdove.ecn.cz

ئەو نووسەرە خەمخۆرەی پرسی کورد وەک ڕۆژهەلاتناسێک زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و کەمێک کوردی و فارسی دەزانێت وە ئەو نووسینەی کە من وەرمگێراوەتە سەر زمانی کوردی پێتر کۆباڵێک لە ساڵی 2002 بە زمانی

ئینگلیزی نووسیویەتی و بڵاوی کردۆتەوە  بە ناوی { لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیانەی کوردۆلۆژی پرسی کورد و کوردستان لە وولاتی چیک و چیکۆسلۆڤاکیا پێشوو } ، وە منیش ماندووبوونی ئەو دۆستەی کورد لە چەند بەشێکدا بڵاودەکەمەوە.... ڕزگار ڕەنجەڕۆ

# لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیانەی کوردۆلۆژی پرسی کورد و کوردستان لە وولاتی چیک و چیکۆسلۆڤاکیا پێشوو .. پێتر کوبالێک / 2002

لێکۆڵینەوەو خوێندنی ئەکادیمیانە لەبواری کوردۆلۆژی دا هەر سەرەتای سەدەی بیستەم کە دامەزرا لەسەر بنە مایەکی زانستی لە زانکۆکانمان بەداخەوە دەڵێم ئەمڕۆ لەکۆماری چیک ئەو بەشەگرینە نەما لەزانکۆی کارلۆڤۆ بەشی  ڕۆژهەڵاتناسی ، بێ گومان و دڵنیام وولاتەکەم مەبەستی کەم کردنەوەنیە لەنرخی مەسەلەیەکی وا گرینگ چونکە مێژووی  مەسەلەی کورد و کوردستان سەردەمانێکی زووە کە سەرنجی زانستپەروەرانی چیکی بۆ خۆی ڕاکێشاوە بۆ زیاتر سەلماندنی ئەو نووسینەم بەکورتی بەچەند هەنگاوێک بەمێژووی مەسەلەی کورد دادێم هەر لەسەدەی ١٩ وەتاکو ئەو ڕۆژەی کەمن زانیاریم هەیە .

## شوێنەواری کورد لە خوێندن و لێکۆڵینەوەی زمانە ئێرانەکان لە بەشی ڕۆژهەڵاتناسی

دوای ئازادی و سەربەخۆی گەلی چیک و سلۆڤاک و دامەزراندنی کۆماری فێدرالی چێکۆسلۆڤاکیا هەتا ڕۆژانی هە ڵوەشانەوەش لەزانکۆی کارلۆڤۆی پڕاگ بەشی ڕۆژهەڵاتناسی لەئاستێکی بەرزو ڕێزدار دا ناوبانگی لە جیهانا پەرەی سەند بوو ، دوای  شەڕی جیهانی دووەم زیاتر پەرەی سەند بە کردنەوەی بەشی ئەدەب و وێژەی فارسی و تاجیکی کە لەلایەن هەشت ڕۆژهەڵاتناسی چیکی سەرپەرشتی دەکرا لەوانە پرۆفێسۆر ( یان ریپکە ١٨٨٦- ١٩٦٨ ) سەرپەرشتی هونراوەی سەردەم و چیرۆکی فارسی دەکرد ، هەروەها  ڕۆژهەڵاتناس دکتۆر ( یان چێپیێک ١٩٢١ - ١٩٨٦ ) سەرپەرشتی  ئەدەب و وێژەو فۆلکلۆری ئێرانی دەکرد ، هەوڵ و کۆششی ئەو دوو ڕۆژهەڵاتناسە راستەوخۆ لەنوسینەکانیان پەنجەیان بۆ مێژووی کورد بردووە و ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە هێنانی کوردۆلۆژی بۆ ناو بەشی ڕۆژهەڵاتناسی زانکۆی کارلۆڤۆ لە پڕاگ ، بۆ نموونە پرۆفێسۆر ( یان ڕِ یپکە) نازناوی  ( نیزامی پاراست ) لەنووسینەکانیدا بۆ خۆی دادەنا ئەو نازناوەشی لەشاعیری گەورەی فارس ( نیزامی ١١٤١ - ١٢٠٩  ) وەوەرگرتبوو ئەوەی جێگای سەرنجە کە شاعیر( نیزامی ) نیوەکورد بوو وە بە شێک لەشیعرەکانی نامۆ نەبوون لە فۆلکلۆری کوردی .

## گەڕیدەکانی چیک لە کوردستان

دکتۆر ( یان ڤیلێم هێلفەر ١٨١٠ - ١٨٤٠ )یەکەمین گەڕیدەی چیکە کە لەنزیکەوە پەیوەندی بە کوردستانەوە کردووە گەشتەکەی لەسەرەتادا بەمەبەستی هیندوستان بووە بەڵام لەسوریا ساڵی  ١٨٣٦  لەگەڵ گروپێکی گە ڕیدەی بەریتانی بەسەرپەرشتی ( کۆلۆنێل چێسنی  ) یەکدەگرنەوە کە کار لە چاکردنەوەی هەردوو پاپۆرە هە ڵمیەکەیان دەکەن لەگەڵیان گەشتی ئاوی دەست پێدەکات لەرووباری فوراتەوە دێنە ناو کوردستان دکتۆر هێلفەر لەگەڵ هاوسەری ژیانی دا ( پاولینەدێس گرانگێس ) هەرچەندە توشی زۆر گیروگرفت و کۆسپ دەبن و یەکێ لە پاپۆرەکان نقوم دەبێت کەچی هەر بەردەوام دەبن و هەتا دەگەنە بەغدا زیاتر لە ساڵێک بە ناو کوردستان دا دەسوڕێنەوە بۆ کۆکردنەوەی مێژووی کورد کەچی مەرگ مەودای دکتۆر هێلفەر نادا  پاش کۆچی دوای ساڵی ١٨٧٧ هاوسەرەکەی بیرەوەریەکانی لەکتێبێکدا بەناوی  ( گەشتەکەی یان ڤیلێم هێلفەر بۆ هیند و ئاسیای نزیک )

لەشاری ( لایپزیگ ) بەچاپ دەگەیەنێ . جوگرافیاناسی چیک دکتۆر ( یۆزێف ڤوونش ۱۸٤۲ - ۱۹۰۷ ) سەرەتا بە یارمەتی کتێبخانەی ڤیەننا لەنزیکەو ەئاشنایەتیەکی تێۆری پەیداکرد لەگەڵ ناوچەکانی باکووری کوردستان بە تایبەتی لە دەستنووسەکانی یەکەمین گەریدەی ئەوروپایی بۆ کوردستان ( ماوریزیۆ گارزۆنی ) کە لە کتێبێکدا بە ناوی (رێزمان و دەنگەکان لەزمانی کوردی دا ) ساڵی ۱۷۸۷ بە چاپ گەیەندرابوو ، هەر بۆ زیاتر لێکۆڵینەوە لە مێژوو و زمانی کوردی ساڵی ۱۸۸۲ و ۱۸۸۳ گە شتەکەی دەستپێکرد بۆ کوردستان ، لەم گەشتەیدا شارەزایەکی زانستیانەی بەرچاوی بەدەست هێنا ساڵی ۱۸۸۳ - ۱۸۹۰ لە گۆڤارە جیاجیاکانی پراگ ئەو نووسینانەی بڵاوکردەوە ( ئەرزەرۆم ، سەیرانێک بۆ وان ، لە دەرسیمەوە ، لەناو چیاکانی کوردان ) . لە سەدەی بیستەمدا نووسین و لێکۆڵینەوە دەربارەی کورد و کوردستان زیاتر پەرەی سەند و گرینگی پێدرا لە چیکۆسلۆڤاکیا بە تایبەتی لە لایەن رۆژهەڵاتناسان ( یـرژی هـانزێـلکا ) لە دایکبووی ۱۹۲۰ و ئەندازیار ( میـرۆسلاڤ زیکـمـونـــد ) لەدایکبووی ۱۹۱۹ زیکمۆند ساڵی ۱۹٦۰ بە ئۆتۆمۆبیل هاتە کوردستانی عیراق پاشان بە کۆمەڵێک بەڵگەو وێنەی فۆتۆگرافی لە ئەڵمانیا کتێبی ( کوردستان : ووڵاتی راپەرین و ئەفسانەو هیوا ) بە چاپ گەیاند .

**ماویەتی**